
# نزایەکی کەوتوی سەر شەقام

هەباس بۆسکانی



**بۆ: دوعا**

"هاوارێك لە کاتی تەسلیمکردنی ئەشقە بەبەرد کراوەکەی"

ئەو پیاسانەی لە پێش ماڵمانا دەیکردن

نەسیمی ئێواران وردی نەدەکرنەوە گۆرانی.

ئەو،

لەو کاتەوە کە خۆر

بریسکەی هێنا لە ملوانکەی "اللّٰه أکبر" ەکەی

بووە هێما،

لە ناخیشما قریشکەی تاووسێك

فڕاندمیە ئاسمان و

خستمیە باوەشی شتێکی تر

کە دایکم نەبوو.

دەستی هانام بەرزکردنەوە لو حزووری ئاگرا:

"ئەی خوا،

ئەی مەلەکی تاووس،

ئەم چیرۆکە قەدەری چ دۆزەخێکە
وا بە ناچەوانی رۆژانمەوە؟"

ئەو رۆژەی حەشاماتی ئیماندار بەهاوار هاوار هاتن و
پرچڕاکێشیان کردمە ناو سوپایەک تورەیی،
سوپایەک لە سمێڵ و ریش،
کە بۆنی ئارەقەو توورەیی لە بن هەنگڵیان دەتکا.

ئەوان ،
وەک ئازاری رقێکی میژوویی لە دڵیانا بێ
وەک هەڵمەتی هەڵۆیەک
بۆ فڕاندنی فرسەتی توڵەی گریانێکی ئەبەدی
ئەهاتن و شەقیان لە سکم دەدا.

بەردەکان سەرەتا بچوک بوون، بەڵام:

- کە بەر پشتم دەکەوتن، تونێلێکیان هەڵدەکوڵی هەتا دڵم.
- کە بەر سکم دەکەوتن، چەپۆکی ئەهریمەن بوون بۆ خەونی منداڵەکانی داهاتوم.
- کە بەر سەریشم دەکەوتن، بریقەی بێدەنگییەکی خوایی بوو، بانگی دەکردم.

ئەو ساتانەی بەرد کەمدەبوونەوە
هاوار و گریەی پیاوان

پرسیارێکی هەڵواسراوی وێڵ بوو:

- بۆ وادەکەن؟ چییان دەوێ لە جەستەی من؟
- بۆ کراسەکەم هەڵئەدەنەوە و وێنەی رانەکانم ئەگرن؟

جار جار بیرم ئەکردەوە:

ئێستا ئەمیری کوردان لەگەڵ سوارە جوامێرەکانی

دەووری ئەو حەشاماتە ئەدەن و نایەڵن بمکوژن

نامەوێ بمرم،

مردن ئازاری زۆرە و

خۆشەویستم چاوەڕێمە.

بیرم ئەکردەوە:

یان کوڕێک لە کوڕانی گەڕەک باوەشم پیا ئەکا و

لێیان ئەپارێتەوە کە لەجییاتی من لەو بدەن.

بیرم ئەکردەوە:

یان پیرێک لە پیرانی ئیمان

عەساکەی هەڵئەبڕێ و ئەڵێ:

- مەلەکی تاووس تووڕە مەکەن
- مەلەکی خۆشەویستی ناتوانێ ئازاری کچان ببینێ.

یان پیرێک هاوار ئەکا:

- نەیەڵن ئەو نەفسە دەرچێ.

بیرم ئەکردەوە:

یان شێخێک پاش ئەوەی

ئەو هەموو خوێنەی نێوچەوانم دەبینێ

دەستی لە پشتێنەکەی دێنێتە دەر.

شێخێک ئەڵێ:

- سێ بەرد و سێ شەق و سێ مستی کەی پیاکێشن و با بەس بێ.

ئەگەر چاوم ئەکردەوە

دەنگە دەنگ و هاوار هاوار بوو

چاوەکان سوور بوون

تەڕایی تفەکان ئەکەوتنە سەر رووومەت و ناو دەمم

تریشقەی ئازارێکی تر لە ناوچەوانمەوە ئەهات و

گەرمایی فیچقەی خوێنێکی فرۆشراو ئەهات و

لەپڕ وەک ووردە کانیلە لە شوێنی ترەوە

شەقەمە قیرتاوەکەیان سوور دەکرد.

بۆنی خوێنم نەکردبوو

بۆنی خوێن دەفتەرێکی بەزەیی توڕدراو بوو

هەرکەسە چیرۆکی لاپەڕەیەکی هەتک ئەکرد

بۆنی خوێن، تاقە پەیامی توڕەیی ئەو جەمعە بوو

بۆ زیاتر تۆقاندنم.

لەوێوە بێدەگی زیاتر باوەشی پیا ئەکردم،
هەناسەکانم بە گرمەی بلۆکێکی دڵڕەق کورتتر ئەبوونەوە،
خەیاڵەکانیشم ئەبوونە شەماڵی ئامێزی زوڵمێک کە بەس خۆم ئەمبینی.

لەوێوە،
گەنجانی شار
رووەو ئاوێنەی ئەشقە شاراوەکانیان ئەبوونەوە
لە پێش شکاندنی مومیای ئاڵتونی ئەو ئەشقەی منا
خۆیان توورەتر ئەنواند
هەر لەوێ،
زەمەنیان کورتکردەوە بۆ زەمەنی تێکشکانی جەستە،
"جوانیی جەستەیان تێکئەشکان ئەوانە"
مەلەکی تاووسیش لە ئاوێز ناشرینییا سەرگەردان،
ئەوان هەر هاواریان ئەکرد کاتێک
پۆلێک فریشتە دەستیان دایە باڵەکانم
ئەوان هەر هاواریان ئەکرد کاتییێک
من دامە شەقەی باڵ.